هاوڕێیان محمد صدیق و عزیز مصطفی زادەش پاش نیزیکەی هەشت مـانگ چەشـتنی ئـازارو ئەشـکەنجە ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٢ لە شاری سنە بە دەستی پیاوکوژەکانی ڕێژیمی پەهلەوی گوللـەباران کـران و تێکـەڵ بـە کـاروانی پـڕ سەروەریی شەهیدانی ڕێگای رزگاری بوون.

شەهید بوونی هاوڕێ قادر وردی و گیرانی هاوڕێیان محمد صدیق و عزیز مصطفی زادە زەبرێکـی قـورس بـوو کـە لـە ڕێکخراوەکانی حیزب درا. چونکە نەك هەر لە ناوچەی بانە بـەڵکوو لـە هێنـدی شـوێنی دیکـەش تێکۆشـەرانی حیـزب کـە جۆرێك پێوەندیی تەشکیلاتییان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانە هەبوو کەوتنە بەر مەترسیی راونان و گیران و بەشێك لەوان ناچار بوون ڕێگای بەجێهێشتنی وڵات و پەنا بردن بۆ کوردستانی عیراق بگرنە بەر. جگە لەوانە هێندێکیش لە ئەندامان گـیران و بە هەرحاڵ ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ ماوەیەك تووشی پاشەکشە هاتن.

شەهید بوونی قادر وردی هەم لە کوردستانی عـیراق هاودەردییـەکی بـەرینی لەگـەڵ حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان (ئێران) وەڕێ خست و هەم بۆ یەکەمین جار ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە راگەیەنە گشتییەکانی دەرەوەدا هەبوو. تەنانەت لە سوئێد خۆپێشاندانیش بۆ بێزاری دەربڕین لە دژی ئەو تاوانەی ڕێژیمی شا وەڕێ خرا.

هەموو مافەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە پارێزراون بۆ ماڵپەڕی کوردستان و کورد
© www.kurdistanukurd.com

بزووتنەوە گەیاند. جێگای وەبیرهێنانەوەیە، کە ئەوان بەوەندەشەوە نەوێستان و هەروەك بیانەوێ شەڕ بفرۆشن و شەڕ هەڵایسێنن تەواوی ناوەکانی نێو حیزبیان لەسەر ئۆرگانەکانیان دانا. ڕۆژنامەو رادیۆو کۆمیتەو هێزو بە کورتی هەموو شتێکیان هەر بەو ناوانە کرد کە حیزب داینابوون. ئەمە گیروگرفتێکی زۆری پێك هێنا. حیزبی دێموکرات بە ڕێگای دۆستان داو لە ڕێگای راگەیاندنی رەسمییەوە هەوڵێکی زۆری دا ئەو دۆستانە ناوێکی دیکە لەسەر خۆیان دانێن و ***"ئاڵۆزی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی خەباتگێڕ و دێموکرات و شۆڕشگێڕ"*** دا دروست نەکەن. بەڵام بەداخەوە سوودی نەبوو.

دەڵێن هەر کردەوەیەك دژکردەوەیەکی بەدوادا دێ. بەداخەوە ئەو کردەوە نادروستەش دژکردەوەیەکی توندی حیزبی بە دوادا هات. کاتێك هەموو هەوڵ و تەقەلاکان بۆ ئەوە کە ئەوانەی لە ریزەکانی حیزب دەرچووبوون، ناوێکی جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر خۆیان دابنێن، بێئاکام مانەوە، حیزب هوشداری پێدان کەئەگەر ناوی خۆیان نەگۆڕن لە نێوخۆی کوردستان دا ڕێگای هیچ چەشنە تێکۆشانێکیان پێنادرێ و بە هەموو ڕێگایەکی سیاسی، تەشکیلاتی، تەبلیغاتی و تەنانەت نیزامییش دا ڕێگای تێکۆشانی سیاسییان لێدەبەسترێ. دیارە ئەو دۆستانە بە هەر هۆیەك کە بوو کەللەرەقتر لەوە بوون کە بەو هوشدارەش واز لە ناوی حیزبی دێموکرات بێنن.

ئاکامی ئەو وەزعە ئاڵۆزییەکی چەند ساڵە لە نێوان حیزب و ئەو ناڕازییانەدا بوو کە لە بەشێکی دا بە کردەوە حاڵەتی شەڕی براکوژیی بە خۆیەوە گرت و بوو بە هۆی کوژران و برینداربوونی ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی کورد. خۆ ئەو شەڕە قسەیەش کە ماوەیەکی زۆر لە رادیۆو چاپەمەنی دا هەبوو، لەباری تەئسیری نالەبارەوە کەمتر لە شەڕە فیزیکییەکە نەبوو. هەردوولاو بەتایبەتی ئەوانە کە ریزەکانی حیزبیان بەجێ هێشتبوو لەو مەیدانەدا ئەسپیان تاو داو ئەوەی نەدەبوو بە یەکتری بڵێن گوتیان. بۆ وەبیرهێنانەوە دەبێ، کە وەختێك یەکێك لە پێشمەرگەکان لە شەڕ لەگەڵ دوژمن دا شەهید دەبوو و بیۆگرافیی دەخوێندرایەوە، گەورەترین شانازیی ژیانی بەوە دادەنرا کە زۆر دژی "تاقمی لادەر" یان "فراکسیۆن" بووە. هەروا بزانە دوژمنایەتیی نێوخۆیی یەکێك لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تێکۆشەرێکی کوردە.

ئەگەر بمانەوێ ئازایانەو هە لەو کاتەدا بێدەمارگرژی (تعصب) ئەو رووداوە هەڵسەنگێنین دەبێ قبووڵ بکەین کە هەردوولای ئەو ناکۆکییە تووشی هەڵەی سیاسی بوون و زیانیان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان گەیاند. ئەو دۆستانەی لە ریزەکانی حیزب جیابوونەوە، بەو کردەوەیە ئەسڵەکانی پێڕەوی نێوخۆی حیزب و ڕێوشوێنی دێموکراسییان بە تەواوی پێشێل کردو لە ناسکترین قۆناخی مێژووی خەباتی خەڵکی کوردستان دا زەبرێکی گەورەیان لە یەکپارچەیی حیزب و ریزەکانی بزووتنەوە دا. پاشانیش بە دانانی ناوی حیزبی دێموکرات لەسەر خۆیان بە کردەوە زەمینەی شەڕ هەڵگیرساندنیان خۆش کردو فەزای سیاسیی کوردستانیان تووشی ئەو گرژیو ئاڵۆزییە هێنا. لەوەش گەڕێ کە بەو کارەیان زەبریان لە خۆیان و پێشکەوتنی خۆشیان وەشاند. چونکە بە بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی شەخسییەتێکی گەورەی وەك دوکتور قاسملوو، ئەوان کەمترین شانسیان بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن وەك حیزبی دێموکرات هەبوو. لە حاڵێك دا ئەگەر ناوێکی دیکەیان لەسەر خۆیان دانابایەو شتێکی تازەیان داهێنابایە، دوور نەبوو، کۆمەڵێکی زیاتر لە ئۆگرانی مەسەلە سیاسییەکان لە کوردستانی ئێران دا وەدوایان بکەون. ئەوە لە مێژووی کوردستان دا نموونەی دیکەشی لێبینراوە.

لەم لاشەوە ناکرێ ڕەخنە لە خۆمان نەگرین و بڕیاری حیزب لەبارەی بەکارهێنانی چەك بە دژی ئەو دۆستانەوە بە بڕیارێکی دروست دابنێین. باسی ئەوە ناکەین کە ئەو بڕیارە بوو بە هۆی شەڕی براکوژی و چەند پێشمەرگەری کوردی تێدا لە دەست چوون کە دەکرا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ دوژمن دا لەنێو چووبان. زیانێکی گەورەی دیکەی ئەو بڕیارە بۆ



هەموو مافەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە پارێزراون بۆ ماڵپەڕی کوردستان و کورد

بڕیارنامەی ٥٩٨ بۆمبارانی ناوەندە غەیرە نیزامییەکان و هێرش بۆ سەر کەشتییە بێلایەنەکان و فڕۆکە غەیرە نیزامییەکان و بەکارهێنانی چەکە شیمیاییەکانی مەحکووم کردبوو و داواشی لە هەموو دەوڵەتان کردبوو لەهەر کارێك کە ببێتە هۆی درێژبوونەوەی ماوەی شەڕ خۆ بپارێزن.

دەوڵەتی عیراق ئەو بڕیارنامەیەی قبووڵ کرد، بەڵام ئێران کەوتە تەنگانەوە. لە لایەك لە ترسی ریسوایی لە کۆمەڵگای جیهانیدا نەیدەوێرا بڕیارنامەکە ڕەت بکاتەوەو لە لایەکی دیکەش قبووڵ کردنی بڕیارنامەکە لەگەڵ سیاسەت و ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم کە بۆ دەرەوە ناردنی شۆڕش و درێژەدانی شەڕی بەئەرکی مێژوویی خۆی دەزانی، ناتەبا بوو. بۆیە ڕێژیم کەوتە مانۆڕدان، هێندێك بەشی بڕیارنامەکەی بە باش داناو بڕیارنامەکەی بە ڕاشکاوی ڕەت نەکردەوە، بەڵام ئاغای خومەینی ڕۆژی ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٦ لە پەیامێك دا بە دووپات کردنەوەی مەرجەکانی خۆی بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ کە یەك لەوان ڕووخانی دەوڵەتی عیراق بوو، بڕیارنامەکەی ڕەت کردەوەو ڕێگای بۆ دەورەیەکی پڕ تەلەفاتتر لەو شەڕەماڵوێرانکەرە دا خۆش کرد.

ماوەی دوای ڕەت کردنەوەی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش لە شەڕی نێوان ئێران و عیراق دا، ئەگەر بۆ گەلانی هەردوو وڵات پڕ بوو لە ڕەنج و مەینەت و مەرگ و ماڵوێرانی، بۆ کۆماری ئیسلامییش دەورانی سەرکەوتن و بەرەوپێش چوون لەو شەڕەدا کە ناوی نابوو "شەڕی هەق و بەتاڵ" یان "شەڕی ئیسلام و کوفر" نەبوو. لەو ماوەیەدا ئەرتەشی ئێران کە بە پێچەوانەی قازانجی گەلانی ئێران تووشی ئەو شەڕە بێماناو بێ ئاکامە کرابوو، زۆر شکستی گەورەی لە بەرەکانی شەڕدا تووش بوون. فاو، شەلەمچە، جزیرەی مەجنوون، زوبیدات، ماوەت و پێنجوین و زۆر شەڕگەی دیکە بە زەبری شەڕ بەهێزە نیزامییەکانی ئێران چۆل کران. لە شەڕی مووشەكبارانی شارەکانیش دا تەلەفات و وێرانیی زۆر بە خەڵك بڕاو شکان و ناکامی بە کاربەدەستە شەڕپەرستەکانی ڕێژیم.

لە وەزعێکی وادا بوو کە ئایەتوڵلا خومەینی، نەك لەبەر پاراستنی گیانی لاوانی وڵات و پێشگیری لە وێران بوونی زیاتری ئێران، بەڵکوو بەهۆی شکستی هێزە چەکدارەکانی لە بەرەکانی شەڕدا ساڵێك دوای دەرچوونی بڕیارنامەی ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، بە ناچاری ئەو بڕیارنامەیەی قبووڵ کرد. خومەینی نەیشاردەوە کە قبووڵ کردنی ئەو بڕیارنامەیەو تەقەوەستاندن لە شەڕی ئێران و عیراق دا بۆ وی وەك خواردنەوەی جامی ژەهر وایەو ئەوەی لە ڕاستیدا وەك موسیبەتێکی ئاسمانی دانا، کە وەك عەبدێکی موسوڵمان دەبێ شانی وەبەر بدا.

شایانی باسە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گەرمی پێشوازیی لەو ئاڵوگۆڕە لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عیراق دا کردو دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕاگەیەندراوێك دا بەم بۆنەیەوە گوتی:

***"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قبووڵی بڕیارنامەی شووڕای ئەمنییەت لە لایەن ئێرانەوە پێشوازی دەکا. چونکە هەمیشە لایەنگری ئاشتی لە نێوان ئێران و عیراق داو دژی ئەم شەڕە بێماناو بێسوودە بووە. حیزبی ئێمە هیواداره کە ئەم کارە سەرەتای کۆتایی پێهاتنی یەکجاریی شەڕی ئێران و عیراق بێ. بەڵام بە کۆتایی پێهاتنی شەڕ لە نێوان ئێران و عیراق دا، شەڕ لە وڵاتی ئێمە بە تەواوی کۆتایی پێنایە. شەڕی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بۆ دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان هەروا درێژەی هەیە. کۆماری ئیسلامی هەروەك پێشوو لە قبووڵی داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان خۆ دەبوێرێ. ئێمە هەر لەو کاتەدا کە وەك حیزبێکی مەسئوولی سیاسی پشتیوانیی خۆمان لە کۆتایی پێهاتنی کێشە لە نێوان ئێران و عیراق دا ڕادەگەیەنین بە ڕاشکاوی دەڵێین کە لەبەشێك لە نیشتمانی ئێمە یانی لە کوردستان دا شەڕ کۆتایی پێنەهاتوەو ئاشتی تەنیا کاتێك هەموو ئێرانی خۆشەویستی ئێمە دەگرێتەوە کە دێموکراسی لە ئێران و خودموختاری لە کوردستان دا دابین بکرێ.***

هەموو مافەکانی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە پارێزراون بۆ ماڵپەڕی کوردستان و کورد

